کەروێشکە فەندی:

# منداڵانی مەخموور زۆر بێنازترن لە منداڵانی شارەکانی تر

کەروێشکە فەندی ناوێکی دیاری نێو دونیای منداڵانە و ساڵانێکە لە ڕێگای هونەرو ڕاگەیاندن و دۆبلاژەوە خزمەتێکی زۆری بە منداڵانی کورد گەیاندووە.بۆیە بە پێویستمان زانی لە ژمارەی ئەمجارەمان بەسەری بکەینەوە.

**کارزان غەمگین-مەخموور**

**ژیانی کەروێشکە فەندی :**

کەروێشکە فەندی ناوی (موسعەب جەمیل) لە ساڵی ١٩٧٦ لە شاری هەولێر چاوی بە ژیان هەڵهێناوە، مامۆستای دواناوەندییە لە دواناوەندی کوردایەتی تێکەڵاو لە شارەدێی باقرتەی سەربەقەزای مەخموور، خێزاندارە و باوکی کوڕێکە بەناوی نالی دانیستووی شاری هەولێرە و کارمەندە لەبەشی دۆبلاژی کەناڵی ئاسمانی سپێدە.

**چۆن بوو بەکەروێشکە فەندی ؟**

لە تەلەفزیۆنی یەکگرتوو لە ساڵی ١٩٩٧ کە ئوسامەی برام بوو بە بەڕێوەبەر ڕۆژێك چووبووە ناو ستۆدیۆ یەکێکی تر ڕۆڵی کەروێشکە فەندی دەدیت زۆر ڕای لەو نەبوو ناردی بە دوای من کە لەبەشی دۆبلاژ بووم، کەچووم وتی ئەم بەرگە لەبەربکە مەبەستی (بەرگی کەروێشکە فەندی) بوو منیش حەزم نەدەکرد بچمە ناو ئەوبەرگە شێرێکم لەولا هێناو ڕێوییەك لەملا ، وتی برایەتی ناخوا من بەڕێوەبەرم و تۆش فەرمانبەری، ئەوە فەرمانە و دەبێ بیکەی، ئیتر بەرگەکەم لەبەر کرد و چووم دانیشتم بابە گەورە وتی بەخێربێی وتم خۆش بی سەلامەت بی، لە پشت کامیرا بووە پێکەنین و هەڵڵا وتیان تەواوە تۆ کەروێشکی ئەسڵی و ئیتر بوومە کەروێشکە فەندی.

کەروێشکە فەندی و دونیای هونەر :

لەساڵی ١٩٩٢ هاتمە نێو دونیای هونەر ئەوکات بوخاری برام تیپێکی سروودی هەبوو،لە ئاهەنگی بووك گواستنەوە لە مزگەوتەکان گۆرانی ئایینیمان دەوت ، ئەوکات من سەرکۆرس بووم یەکەم گۆرانیم بە ناوی (برایانی موسڵمان زووکەن زووکەن ژن بێنن) بوو، لە ساڵی ١٩٩٦ چوومە تەلەڤزیۆنی یەکگرتوو کەناڵی هەولێر لەوێ زیاتر تێکەڵ بە هونەر بووم، لە ساڵی ٢٠٠٢ بەرنامەی منداڵانم هەبوو بەرنامەکە گەورەو بچووك سەیریان دەکرد جەماوەرێکی زۆرم هەبوو، مەنەلۆجیشم دەگوت کە باسیان لە کێشە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگا دەکرد، لە ساڵ ٢٠٠٣ کاك ئەیاد محەمەدو خوشکە نیهال تیپی (لانە)یان دروستکرد لەوێش سێ گۆرانیم تۆمارکرد،ئێستاش خەریکی گۆرانی منداڵانم و نزیکەی ١٠ گۆرانی منداڵانم هەیە،بەڵام ئێستا گرنگی بە گۆرانی منداڵان دەدەم چونکە هەست دەکەم منداڵ لە کۆمەڵگای ئێمە زۆر بێنازەو هیچی بۆ نەکراوە بۆیە بڕیارم داوە، ئەگەر بە قسەیەکی خۆشیش بێ خزمەتی منداڵان بکەم .

**کەروێشکە فەندی و کاری ڕاگەیاندن**

کە ڕادیۆی یەکگرتوو لە هەولێر دانرا چوومە ڕادیۆ و دوو بەرنامەم هەبوو،دواتر چوومە تەلەفزیۆن و لە ساڵی ١٩٩٧ ەوە بەبەردەوام بەرنامەی منداڵانم هەبووە، لەوانەش بەرنامەی لانەی منداڵان و لانەی دارستان و... هتد، نزیکەی دووهەزار بەرنامەی منداڵانم پێشکەش کردووەجگە لەکاری مونتاژ کەچوومە تەلفزیۆن کاك ڕەئوف کاریگەرییەکی باشی هەبوو لەسەرم تا ئێستاش ٢٠٠ کورتە فیلم کارتۆنیم دۆبلاژ کردووە و سەرپەرشتی دوو زنجیرە فیلم کارتۆنی (سالی) و (بیل و سباستیان)م کردووە، کاری ڕاگەیاندنی منداڵانیش هەرکەسێك دێت ماوەیەك خزمەت دەکات و دواتر ون دەبێت ، ئەوەی زۆر پێی سەرسام بم هونەرمەند (مامۆستا سەلاح کۆیی)یە کەبە (مام عەولا) ناسراوە،تەمەنی لە ٦٠ ساڵ تێپەڕی کردووە هەر بە گوروتینەوە گۆرانی بۆمنداڵان دەڵێت، پێویستە بە هەموومان ڕێزی بگرین ، هەرچەندە کەسانی تریش هەن لە شارەکانیتر خزمەت دەکەن ،بەڵام گرنگ ئەوەیە بە زمانی منداڵ قسە بکات ، نەك تەنیا بۆ کات کوشتن و پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە بێ کەلە ماوەی منداڵاندا هەیە،پێویستە بەرنامە ڕێژی بۆ بکەین،لەخۆمەوەبا دەست پێ بکەم ، پێویستە وەزارەتی ڕۆشنبیری یان پەروەردە تەلەفزیۆنێکی تایبەت بە منداڵان دابنێن و کۆمەڵێك کادیری لێهاتووی بۆ دابمەزرێنن ، ئەو کات دەتوانین خزمەتێك بەمنداڵان بکەین.

کەروێشکە فەندی و جیهانی منداڵان

جیهانی منداڵان جیهانێکی زۆر ناسك وسەیرە، ماوەیەك وازم بەرنامەی منداڵان هێنا نازانم بۆ سارد بووم لێی دواتر برادەرێکم فەرموودەیەکی پیشاندام کە پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت ( لەبەهەشت خانوویەك هەیە خودا لەڕۆژی دواییدا دەداتە ئەو کەسانەی کە دڵی منداڵان خۆش دەکەن ) بۆیە بڕیارمدا بگەڕێمەوە بۆ دونیای منداڵان، بەڵام بەداخەوە منالی واهەیە نازانێ کەی ڕۆژی جیهانی خۆیەتی، لەوەدا هەمووومان تاوانبارین بە پلە یەك حکومەت چونکە هیچ ئاگای لەمنداڵان نیەباشترین بەڵگەش بڕۆ سەیری شەر شەقامەکان بکە پڕە لە منداڵی کارکەرترافیك لایت نیە منداڵی لێ نەبێ ، سەرەڕای نەبوونی یاریگاو شوێنی تایبەت بە منداڵان ،بەتایبەت لەوەرزی هاوین ، تەنیا ساڵانە ئاهەنگێك لە ٦/١ ساز دەکەن و پارەی پێ دەخۆن وتەنیا بۆ منداڵە بەرپرسەکانە و گەورەکان دێن دادەنیشن ، ساڵی پێرار لەسەر قەلای هەولێر فیستڤاڵێك سازکرا تەنیا بۆ منداڵە بەرپرسەکان بوو،منداڵە هەژارەکانیان بە قۆنداغە تفەنگ دەرکرد.

**کەروێشکە فەندی لە مەخموورە**

ئەمڕۆ سەردانی مەخموورمان کرد، بەڕاستی بەداخەوە مەخموور لەڕووی خزمەتگوزارییەوە زۆر فەرامۆشکراوە وکەس ئاگای لێ نیە، جگە لەمە بۆ حەوت ساڵ دەچێ ئازاد کراوە تائێستا نەگەڕاوەتەوەبۆ باوەشی هەرێم، باشە سیاسەتمەدارانی کورد لە بەغدا چی دەکەن؟ کە مایەی داخە، منداڵانی مەخمووریش زۆر بێنازترن لە منداڵانی شارەکانی تر، هاتنیشم بۆ ئەو شارە لەسەر داوای برادەرانی یەکگرتوو هاتووم بۆ مەخموور، تا ئاهەنگێکی منداڵان ساز بدەم بەو مەرجەی ئاهەنگەکە تەنیا بۆ منداڵانی یەکگرتوو نەبێت، بەڵکو بۆ هەموو منداڵانی مەخموور بێت، چونکە منداڵ سیاسەت نازانێ، هەر لایەنێکیش داوەتم بکات بۆ ئاهەنگی منداڵان ئامادەم .

## بەداخەوە منداڵی واهەیە نازانێ کەی ڕۆژی جیهانی خۆیەتی



# پێڵاوەکانی ئەحمەد سەیاحم بۆ بێنن لە سەر سەری خۆمی دابنێم و بە پۆلەکان دا بیگێڕم

ئەحمەد سەیاح بەر لە پرۆسەی ئازادکردنی عێراق بۆ ماوەی (١٠) ساڵ بەڕێوەبەری یەکێك لە قوتابخانەکانی دەڤەری مەخموور بووە. بە بڕوای من ئەگەر بەئاوات نەبوبێت منداڵی کورد لەم قوتابخانەیە پێبگات و فێری زانست و زانیاری بێت، بەڵام لە سەرزاری زۆربەی مامۆستاکانی ئەم قوتابخانەیە زۆر ڕێزی مامۆستا کوردەکانی گرتووە و ، پشتگیری لێکردوون ، مامۆستایەك گوتی من لە قوتابخانەیەکی تر مامۆستا بووم بەڕێوەبەرەکەم کوردێکی ڕەفیق بەعسی بوو لەگەڵ مامۆستایەکی تر زۆر بەدەستییەوە بێزار ببوین داوای لێدەکردین ناسنامەمان بگۆڕین و کار بۆحیزبی بەعس بکەین . لە وکاتەی خۆمان گواستەوە بۆ ئەو قوتابخانەی( ئەحمەد سەیاح ) کە بەڕێوەبەر بوو حەسایینەوە زۆر ڕێزی ئێمەی گرت ، مامۆستایەکی تر گوتی من زۆر هەژاربووم خۆم و هەموو مناڵەکانمان کارمان دەکرد، لەبەر ئەوەی مووچەی مامۆستاکانی ژێر دەسەڵاتی بەعس ئەو کات زۆر کەم بوو، بە بژێوی ژیان ڕانەدەگەیشتین دوای دەوام لە قوتابخانەیەك وانە بێژ بووم بەهەر هۆیەك نەیانهێشت درێژە بە وانە بێژییەکەم بدەم. (ئەحمەد سەیاح ) پشتگیری کردم . مامۆستایەکی تر گوتی من فەرمانی گواستنەوەم دەرچوو بۆ گوندێکی عەرەبان (ئەحمەد سەیاح ) پشتگیری کردم و تا ماوەیەکی درێژ نەگواسترامەوە ، مامۆستایەکی تر گوتی سەرەڕای ئەمانە هەر نووسراوێك لە هەر شوێنێك بهاتایە قوتابخانە دژی مامۆستاکان بوایە، پشتگوێی دەخست، بەڵام بەداخەوە ئێستا لە زۆربەی قوتابخانەکانی سنووری پەروەردەی مەخموور زۆرێك مامۆستا ڕێزی ناگیرێ و پشتگیری ناکرێ و جیاوازیەکی زۆر زەق هەیە لە نێوان مامۆستاکان بە سیفەتی حیزبایەتی و شتی تر، مامۆستایەك بەیانی چوو بووە قوتابخانە پێیان گوت بڕۆ تۆ گوازراپەوە بۆ فلانە قوتابخانە، ئەو ڕۆژە ناچار بوو چوودەوامی ئاساییکرد، بۆ بەیانی چوو بۆ قوتابخانە جارێکی تر پێیان گوت تۆ گوازرایەوە بۆ قوتابخانەی پێشووت، چەند

**مامۆستاخالید**

جارێك بەم شێوەیە تاماوەیەك وایلێهاتبوو شەوانە کە دەنوست نەیدەزانی بەیانی چارەنوسی چییە و، لە کام قوتابخانە وانە دەڵێتەوە، مامۆستایەك لەناوەڕاستی وانەی سێیەم مۆژدەی ئەوەیان پێدا لە یەکێك لە قوتابخانەکان کراوی بە بەڕێوەبەر، ماوەیەك بەر لە ئێستا خولێکی کۆمپیوتەر بۆ مامۆستاکانی مەخموور کرایەوە، لە بەر ئەوەی بڕێك پارەی تێدابوو بەڕێوەبەرەکان خۆیان و یاریدەرەکانیان ناونووس کردو بەشداری خولەکەیان کرد، تەنها بەڕێوەبەری قوتابخانەی کوردستان (م.عبداللە تاهیر ) بەشداری خوولەکەی نەکردو مامۆستای ڕەوانە کرد، چونکە ئەم کارەی بەڕێوەبەرەکانی تری پێ ڕاست نەبوو، نەیتوانی ئەوماوەیە قوتابخانە جێبهێڵێت ، مامۆستایەکی ئەکادیمی و پسپۆر لە بواری چالاکی قوتابخانەکان چەندین ساڵە هەوڵدەدات بگوازرێتەوە بۆ خزمەتکردن لە چالاکی قوتابخانەکانی پەروەردەی مەخموور چونکە لە حیزبێکی تر کار دەکات گوێ لە داواکەی ناگیرێت. بەڕێوەبەری پەروەردە سێ فەرمانبەری هەریەکەو بەناونیشانێك بەشێوەیەکی کاتی دامەزراند لە قوتابخانەیەك ، دوای ماوەیەك کارکردنیان بەڕێوەبەری قوتابخانە هەرسێکیانی وەدەرنا، ئەمساڵ قوتابیانی پۆلی پێنجەمی قوتابخانەیەك بەشداری پێشبرکێیی وانەی بیرکارییان نەکرد، چونکە مامۆستای بیرکارییان خەریکی ئامارو کاری هەڵبژاردن و ئامارکردنی دانیشتوان بوو هەموو قوتابییەکانی کردەقوربانی گیرفانەکانی ، یاریدەدەری قوتابخانەیەك مامۆستایەکی لەسەر وانەیەکی شاغیر ڕۆژێك غیابدا کەچی خۆشی دوومانگان دەوامی قوتابخانەی نەکرد، چییە ئەوە بۆتە فەرمانبەر لە مفەوەزیەی هەڵبژاردن مامۆستایەکی ( ٢٠) ساڵی پڕ لە خزمەت و زۆر ماندوو لە قوتابخانەکەی نەکرا بەیاریدەدەر چونکە لە حیزبێکی ئیسلامی ئەندامە . مامۆستایەکی تر ( ٦) ساڵە لەم سنوورە خزمەتی هەیە کەوتۆتە دڵەڕاوکێ کە ئەمسالیش نەگوازرێتەوە، کەچی چەندان مامۆستا هاوشانی خۆی بە دووساڵ و سێ ساڵ گواسترانەتەوە ، هەر مامۆستایەك کێشەیەکی هەبێت لە م سنوورە دەبێت فاتیحە بۆ خۆی بخوێنێت، چونکە نەك کەس پشتگیری ناکات ، بەڵکو نازانی کێوەبچێت و بچێتە لای کێ ، دەچێتە لای بەڕێوەبەری پەروەردە وەعدی دەداتێ لە کێشەکەی بکۆڵێتەوە و چارەسەرێکی گونجاوی بۆ بدۆزێتەوە دواتر هەر وەعدەو هیچ ، ئەگەر زۆر سووربێت لە سەر داواکەی نووسراوێکی دەداتێ بۆ لای یەکەی سەر پەرشتیاری ئەویش فت، نوێنەری یەکێتی مامۆستایانیش لە مەخموور نووستووە جا لە هەر هەمووی باشتر بۆ خۆت چاو لە هەموو شتێك بپۆشیت و سەرەمانگان ڕاتبەکەی خۆت وەرگرە و بڵێ قبولم کرد ، پشتی چاکەت و پانتۆلی بەڕێوەبەرەکەت بگرە ئەگەر چاکەت و پانتۆلی لەبەر دابوو، ئەگەر قەمیس وپانتۆلیشی لەبەر بوو ئەوا قایشەکەی توند بگرەو و بەریمەدە،بە بڕوای من هەموو ساڵێك دوو (شوکرالتقدیر) و دوو(تەرفیعو عەلاوەوە)یەکت بۆ دێت ، لێرانە بەڕێوەبەرو یاریدەدەرو بەڕێوەبەری پەروەردەو سەرپەرشتیار وەکو شەمەندەفەر پشتی یەکتریان گرتووە جا خوا هاوار، بەداخەوە دوای (٧) ساڵ لە ئازاد کردنی مەخموور سەرەڕای نەبوونی هیچ خزمەتگوزارییەکی بەرچاو وبەسوود بۆ مەخموور، کەچی دامەزراندنی پەروەردەیەك لە سنوورەکە، حکومەتی هەرێمی کوردستان مانگانە بڕی زیاتر لە (٩٥٠) ملیۆن دینار واتە لە ملیارێك شتێك کەم پارە تەنها بۆ ئەم پەروەردەیە ڕەوانە دەکات ، کەچی یاریدەدەری بەڕێوەبەری قوتابخانەیەك ئیهانەی مامۆستایەکی (٢٥) ساڵی پڕ لە خزمەت و تەمەن دەکات ئەویش پێی دەڵێ: پێڵاوەکانی ئەحمەد سەیاحم بۆ بێنن لە سەر سەری خۆمی دابنێم و بە پۆلەکان دا بیگێڕم

سەنگەر ئیسماعیل (شاعیری لاو):

# دوای ون کردنی کۆمەڵێك شیعرم زیاتر هۆگری شیعر بووم

**ئەرشەد لەك**

سەنگەر ئیسماعیل یەکێکە لە شاعیرە لاوەکانی مەخموور، سەنگەر هەر لەمەخموور لەدایکبووەو تا پۆلی دووەمی ناوەندی خوێندویەتی، بۆ بژێوی ژیان لەخوێندن دوورکەوتۆتەوە، لە ساڵی ٢٠٠٥ دەستی داوەتە شیعر نوسینو بەشداری چەندین کۆڕی شیعری کردووە، یەکەم کۆڕی شیعری بە هاوکاری گروپی دەنگی لاوان و بەشداری کۆڕێکی تریشی کردووە کە یەکێتی قوتابیانی کوردستان بۆ سی شاعیری دەڤەرەکە سازدا، ماوەیەکیش لە ڕادیۆی دەنگی لاوان بەرنامەیەکی شیعری پێشکەش دەکرد بە ناوی (ژوانی شەو ) ئێستا بۆ ماوەیەك وەستاوە وەك خۆی دەڵێت "چەند هۆکارێك هەبوو وای کرد ماوەیەك بەرنامەکە پێشکەش نەکەم ،ماوەیەك هاوکارم کاك کۆسرەت بندیان پێشکەشی دەکرد ئێستا ئەویش



سەرقاڵی تاقیکردنەوەیە و پۆلی شەشەمی ئامادەییە ،بەڵام ئەگەر ئەو بەرنامەیەش نەبێ بەرنامەیەکی تر پێشکەش دەکەم"، هەروەها لە بارەی نامیلکەکەش دەڵێت "ئەمە کێشەیەکی بچوك هاتە بەردەمم ئەویش ون کردنی کۆمەڵێك شیعرم بوو ، ڕۆژێك چووین بۆ هەولێر لەگەڵ چەند برادەرێك تا بە کەسێکی شارەزای پیشان بدەم ئەویش ئەوەبوو لە ڕێگا دابەزین و لێم ون بوو ، بۆ دڵنیایتان ڕۆژنامەنوس کاك کارزان غەمگین لەو سەفەرە لەگەڵم دابوو،نازانین لە بازگە لێمان کەوت یان لەناو هەولێر لێمان ون بوو، وا هەست دەکەم چەند ساڵێکم لە تەمەن بە فیڕۆ چووە ، بۆ ماوەیەك واز ملە شیعر نوسین هێنا بەڵام دواتر دەستم بە شیعر نوسین کردەوە ئێستاش لە جاران زیاتر هۆگری شیعرم". لەکۆتاییدا پرسیاری ئەوەمان لێکرد کە ئایا ژیانی هاوسەری پێك هێناوە لەوەلامدا گوتی "نەخێر"، بەڵام تێبینی ئەوەمان کرد ئەلقەیەکی لە دەست دایە هەربۆیە ئەوەی ڕوونکردەوەو گوتی "ئەمە مانای وەفادارییە، ئەم ئەلقەیە دیارییە و بەڵێنی پێ دەدەم تا دەچمە ژێر گڵ ئەو ئەلقەیە لەگەڵم دایە".

## تابلۆیەکی بیکاسۆ ریکۆردی فرۆشی بەرهەمە هونەرییەکانی تێپەڕاند



تابلۆی "ئافرەتی ڕووت"ی بەرهەمی "پابلۆ بیکاسۆ" شێوەکاری ناوداری ئیسپانی، ریکۆردی فرۆشتنی بەرهەمە هونەرییەکانی تێپەڕاند.

بە گوێرەی هەواڵی "فرانس پرێس"، یەکێك لە تابلۆ شێوەکارییەکانی "پاپلۆ پیکاسۆ" کە لە ساڵی (١٩٣٢) بەرهەم هێنراوە، لەسەرەتای مانگی ئایار لە مەزادێکدا بە بڕی (١٠٦) ملیۆن و (٤٠٠) هەزار دۆلار فرۆشرا. ئەو تابلۆ شێوەکارییە لە ڕێگای مەزادخانەی "کریستی" لە نیۆیۆرك خرایە مەزاد و بە بڕی (١٠٦) ملیۆن و (٤٠٠) هەزار دۆلار فرۆشرا و وەکو گرانترین بەرهەمی هونەری فرۆشراو دەستنیشان کرا. ئەو نرخە بە باڵاترین نرخ بۆ تابلۆکانی شێوەکاری دێتە هەژمار، بەرلەوەش بەرهەمێکی هونەری لە "ئالبێرتۆ جیاکۆمتی" شێوەکاری ناوداری ئیتالی بە بڕی (١٠٤) ملیۆن و (٣٠٠) هەزار دۆلار فرۆشرابوو و وەکو گرانترین بەرهەمی هونەری دەستنیشان کرابوو.



# جامی جیهانی ٢٠١٠ لەدیدی وەرزشدۆستانی مەخموورەوە













**کارزان غەمگین**

مۆندیال ئەو پاڵەوانێتیە جیهانییەیە کە هەر چوار ساڵ جارێك لە وڵاتێك بەڕێوە دەچێت، کە ٣٢ هەڵبژاردەی جیهانی بەشداری دەکەنو ململانێ لە پێناو بەرزکردنەوەی ئەو جامە دەدەن، ڕۆژنامەکەمان راوبۆچوونی چەند وەرزشوان و وەرزش دۆستێکی لەشاری مەخموور وەرگرتووە سەبارەت بە مۆندیالی ٢٠١٠ ئاخۆ چ هەڵبژاردەیەك دەبێتە پاڵەوانی هەموو جیهان.

کارزان غەمگین- مەخموور

سەرەتا سیروان عەلی هاندەری هەڵبژاردەی ئیسپانیا دەڵێت "ئومێد دەکەم مۆندیالی ٢٠١٠ مۆندیالێکی سەرکەوتوو بێ بە روحێکی وەرزشیەوە بەڕێوە بچێت، بەرای منیش هەڵبژاردەکانی ئیسپانیا و بەرازیل و ئەرجەنتین و فەرەنسا دەچنە چوار گۆشەی زێڕین، لەبارەی سەیرکردنی یارییەکانیش حەزدەکەم لە ماڵەوە سەیری یارییەکان بکەم چونکە بە هێمنی لێی تێ دەگەم".

سەردار خدر لەیانەی وەرزشی میدیا پێی وایە هەڵبژاردەی بەرازیل دەبێتە پاڵەوان ئەگەرچی لەتوانای هەڵبژاردەی ئەڵمانیا سەرسام بوو، هەروەك گوتی "بەرازیل دەبێتە پاڵەوانی مۆندیالو ئەگەرچی ئەڵمانیا دەتوانێ رکابەری لەبەدەستهێنانی نازناوەکە بکات".

عەبدولخالق زەنگەنەی وەرزش دۆست هەمان بۆچوونی سەرداری هەیەو دەڵێت "بەرازیل دەبێتە پاڵەوانی ئەم مۆندیالە چونکە چەندین ئەستێرەی بەناوبانگی تێدایە وەکو کاکا، هیوادارم بەرازیل بۆ جاری شەشەم ئەم جامە بەدەست بهێنێت".

شێرخان خلیل هاندەری هەڵبژاردەی بەرازیل دەڵێت "ئەم مۆندیالە سەرکەوتوو دەبێو بەرازیلیش جامەکە بەرز دەکاتەوە، حەزیش دەکەم لە ماڵەوە سەیری یارییەکان بکەم چونکە بە ئارامی سەیری دەکەم لەدەرەوە دەبێتە هەراو هۆریاو خۆش نیە.

مەهدی خدر عەلی هاندەری بەرازیل دەڵێت "واپێشبینی دەکرێ مۆندیالی باشوری ئەفریقیا مۆندیالێکی سەرکەوتوو دەبێ، چونکە لە باشوری ئەفریقیا بەڕێوە دەچێتو هەڵبژاردە ئەفریقیەکانیش بەهێزن، لەوانەیە هەڵبژاردەی چاوەڕوان نەکراو ببێتە پاڵەوانی جامەکە، بەلاّم بەرای من بەرازیل جامەکە بەرز دەکاتەوە، لەبارەی سەیرکردنی یارییەکانیش دەڵێت "تام وچێژی لەوەدایە بەکۆمەڵ سەیری بکەی چونکە ململانێی تێدا دەبێو لە کاتی تۆمارکردنی گۆڵیش دەبێتە هەراو هاندەران خۆشیو شادی دەردەبڕن.

ڕێباز قادر هاندەری هەڵبژاردەی ئیسپانیاش دەڵێت "مۆندیالی ئەمساڵ خۆشترین مۆندیالە چونکە هەر ٣٢ هەڵبژاردەکە بەهێزنو پاڵەوانێتیەکەش لە باشوری ئەفریقیایە گۆڵیش زۆر تۆمار دەکرێت، بەلاّم ئەڵمانیا جامەکە بەرز دەکاتەوە، لەبارەی سەیرکردنی یارییەکانیش حەز دەکەم لەگەڵ چەند برادەرێکی خۆشەویست لەماڵەوە سەیری بکەم، بەلاّم بەهادین نەجمەدین هاندەری هەڵبژاردەی ئینگلتەرا بە پێچەوانەی ئەو دەڵێت "چەند پروپاگەندەیەك هەیە گوایە لەبەر رەوشی ئەمنی یارییەکان بەڕێوەناچێت، بەلاّم ئەوانە دووربن لەراستی بە سەلامەتی بەڕێوە بچێت، بەرای منیش هەڵبژاردەی بەرازیلو ئەڵمانیا یاریزانی گەنج و بەتوانایان تێدایە هەر ئەوانە دەچنە یاری کۆتایی و حەزیش دەکەم لە دەرەوە لەگەڵ برادەران سەیری یارییەکانی مۆندیال بکەم.

هاوڵاتی ئەلۆەن فاروق بەمیوانداری هاتبوە مەخموور ئەو هاندەری هەڵبژاردەی فەرەنسایە، دەڵێت "مۆندیالی ٢٠١٠ مۆندیالێکی ئێجگار خۆش دەبێت چونکە کۆمەڵێك هەڵبژاردەی بەهێز لە ململانێ دادەبن، بەلاّم لەم مۆندیالە کەڵەشێرەکان سەرکەوتوو نابن چونکە وەك جاران نەماون، بەلاّم باشوری ئەفریقیا یان بەرازیل جامەکە بەرز دەکاتەوە، حەزیش دەکەم لە دەرەوەو لەناو خەڵك سەیری یارییەکان بکەم .

لە کۆتایی ریپۆرتاژەکەمان سامی ئەنوەر عومەر هاندەری هەڵبژاردەی بەرازیل دەڵێت "پێشبینی دەکەم مۆندیالێکی سەرکەوتووبێت و یەکەمجاریشە لەباشوری ئەفریقیا بەڕێوە دەچێت، بەرازیلیش جامەکە بەرز دەکاتەوە، لەبارەی سەیرکردنی یارییەکانیش حەز دەکەم لەدەرەوە لەگەڵ برادەران سەیری یارییەکان بکەم، چونکە لە ماڵەوە بەتەنیا خۆش نیە، ئومێدەواریشم ئەو مۆندیالە بەبێ کێشە و دوور لەکارەسات و بە خۆشی بەڕێوە بچێت.

## شاجوانی مۆندیال ئەرجەنتینیە





لەنێو ٣٢ کچە شۆخی هەر ٣٢ وڵاتی بەشدار لە پێشبرکێکانی کۆتایی جامی جیهانی ٢٠١٠ لە باشووری ئەفریقیا، کچە شۆخی ئەرجەنتینی جێنیڤەر شێرمانی تەمەن ١٧ ساڵ، بەشاجوانی مۆندیالی ٢٠١٠ هەڵبژێردرا.

شێرمان کە لە ئەڵمانیا لەدایك بووەو باوکی ئەرجەنینیە، پێشتریش وەك شاجوانی ئینتەرنێت هەڵبژێردراوە. هاندەرانی هەڵبژاردەی ئەرجەنتین بەو هەواڵە دڵخۆش بوونو بەسەرەتای سەرکەوتنی هەڵبژاردەکەیان لەقەڵەمدا. بەڵام لە هەمان کاتدا هاندەرانی هەڵبژاردەی ئەڵمانییاش شانازی بەوە دەکەن کە شاجوانی مۆندیال لە خاكو ئاووهەوای ئەواندا پەروەردە بووە.

خەڵاتی دەرچوون شێرمان بەشاجوانی مۆندیال ٥٠٠٠ یۆرۆو گەشتێکی وڵاتی میسرە. جێی باسە چانسی دووەم شاجوانی مۆندیال بۆ کچە شۆخی یۆنانی تەمەن ٢٨ ساڵ بوو بەناوی کاتیرینا جانۆگلو، ئەڤانۆڵ شانێل ڤیزیجی هۆڵەندی تەمەن ٢٠ ساڵیش بەسێیەم شاجوان هەڵبژێردرا.

## واحید جەمیل :
# گۆڵچی دەبێ چاونەترس و لەسەرخۆ بێ



**زریان ئیسماعیل**

وەرزشوانە دێرینەکان تەمەنێك لە نێو دونیای وەرزش و کۆمەڵێك ئەزموونیان هەیە، بۆیە پێویستە بۆپێشکەوتنی وەرزش وەکو مامۆستایەك سەیر بکرێن و نەك فەرامۆش بکرێن ، بۆیە ئەمجارە یەك لە وەرزشوانە دێرینەکانی شارۆچکەی مەخموور بەسەر دەکەینەوە.

واحید جەمیل یەکێکە لە وەرزشوانە دێرینەکانی شارۆچکەی مەخموور وەکو لە ساڵی ١٩٦٠ لەگوندی مشاری سەربە شارۆچکەی مەخموور چاوی بە ژیان هەڵهێناوە،لە ساڵی ١٩٧٨ چووەتە نێودونیای وەرزش و سەرەتا لەتیپی لاوانی مەخموور بووە بە گوڵچی ئەو تیپە و دواتر رووی لە تیپی ئاشتی کردووەو ماوەیەکیش لەوێ ژیانی وەرزشی بەسەر بردووە، لەگەڵ هەمان کاتدا بۆ یانەی لاوانی مەخموور یاری کردووەو کۆمەڵێك سەرکەتنی بەدەستی هێناوە، لەوانەش یاری لەگەڵ کوێسنجق (١ـــ٣) لاوانی مەخموور، ئەتلەس(٢ـــ٣) لاوانی مەخموور، مەحەتە(١ـــ٤) لاوانی مەخموور، رواندز(١ـــ٣) لاوانی مەخموور، ئازادی (٠ـــ١) لاوانی مەخموور و چەندان یاری تر، ئەو وەرزشوانە دێرینە دەڵێت "سەرکەوتنی گۆڵچی لەوەدایە لەسەرخۆو چاونەترس بێ و بالاّی درێژ بێت، هەروەها لەگەڵ بەرگریکاران مامەند تایەر و عەونی ئەبوبەکرعومەری زۆر ئاسوودە بووم، ئەوانیش بەرگریکاری زۆر چاك بوون.

هەروەها ئەو وەرزشوانە دەڵێت "لەگەڵ کۆمەڵێك یاریزان یاریم کردووە ئەوانیش مامۆستا موحسین کەریم و مامەند تایەر و عەبدولرەحمان ئادەم و ئەبوبەکر عومەر دەروێش و عەونی ئەحمەد و عەزیز قادر و تەحسین مام رەش و محەمەد مستەفا و ئیبراهیم نادر و سەرباز هاوار بوون ئەوکاتیش ئێمە بێ بەرامبەر یاریمان دەکرد، چونکە هیوایەتێکی خۆمان بوو، بەلاّم ئەمرۆ وەرزش بووەتە تەپارەو هیچ یاریزانێك بێ پارە یاری ناکات، جاران ئێمەخۆمان پارەمان دەداو کەلوپەلی وەرزشیمان دەکری.

لەبارەی موچەی ڕێزلێنانەوە دەڵێت "ماوەیەك هاوکاری ماددی کراین، موچەیەکیان بۆ بڕینەوە بەلاّم دواتر بە هۆی زۆری یاریزانان موچەکەیان بڕین".

لە کۆتاییشدا ئەو وەرزشوانە دێرینە دەڵێت "هاندەری هەڵبژاردەی بەرازیلم و لە یانە ناوخۆییەکانیش هاندەری یانەی وەرزشی هەولێرم، هیوادارم هەمیشە سەرکەوتن بە دەست بهێنێت، داواکاریشم لەلایەنی پەیوەندیدار چاوێکیان لەو شارۆچکەیە بێتو یارمەتی وەرزش و وەرزشوانان بدەن.

## پرسەنامە

بەناوی ستاڤی رۆژنامەکەمانەوە پرسەو سەرەخۆشی خۆمان ئاڕاستەی خانەوادەی خوالێخۆشبوو (محەمەد حەسەن حەنیف) دەکەین کە دەکاتە باوکی (سارا شاعیر). داواکارین لەخوای گەورە بەبەهەشتی شادبکاتو دڵنەوایش بە خانەوادەکەیان ببەخشێت.

دەنگی مەخموور

# لیۆنێل میسی ڕێزی هەموو بۆچوونێکی جیاواز دەگرێت



**عەبدولرەحمان ئادەم**

لیۆنێل میسی یاریزانی یانەی بەرشلۆنەو هەڵبژاردەی ئەرجەنتین لەوەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بەو هەڵبژاردەیەی نازناوی مۆندیاڵ دەباتەوە پێی وابوو "هەڵبژاردەکانی ئیسپانیاو بەرازیل لایەنی یەکەمی یاری کۆتایی رووبەرووی هەڵبژاردەی ئینگلتەرا دەبنەوە چونکە ئینگلتەرا خاوەنی باشترین راهێنەری جیهانە"، ئەم لێدوانەی میسی لە چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەی زەمەنی بەریتانی بوو کە لەگەڵ میسی ئەنجامی داوە.

هەروەك میسی هیوای خواست کە هەڵبژاردەی وڵاتەکەی بتوانێت کێبرکێ بکات لەگەڵ ئەو هەڵبژاردانەی کەوا پالێوراون بۆ بردنەوەی نازناوەکە، سەبارەت بە نەبوونی ئینتیما بۆ وڵاتەکەی میسی دەڵێت "ڕێزی هەموو بیرو رایەکی جیاواز دەگرم کە لەبارەی منەوە دەوترێت، بەڵام هەمیشە هەوڵمداوە ئەو ئاستەی لەگەڵ یانەی کەتەلۆنی ئیسپانی پێشکەشی دەکەم لەگەڵ هەڵبژاردەکەشمدا پێشکەشی هاندەرانی بکەم.

شایەنی باسە یاریزانی ئەرجەنتینی لیۆنێل میسی لەیارییەکانی جامی جیهانی بە پێلاوێکی تازە دەرکەوتووە کە کێشەکەی کەمترە لە ١٦٥ گرام کە ئەمەش کەمترین کێشە بەدرێژایی مێژووی ئەم یارییە کە ئەمەش یارمەتی دەدات زیاتر بجولێتو خێراتی رابکات لەناو یاریگادا

مۆبایلی سەرنووسەر
٠٧٥٠ ٤٦٥ ٥٤٦٣

دەستەی نووسەران
خەلیل پاڵانی
عەبدولرەحمان ئادەم

پەیامنێران
جەلال خەیلانی - چریکە مەخمووری
کارزان غەمگین - هەڵمەت فاخیر

ناونیشان
کوردستان - هەولێر — مەخموور
www.mexmurpress.com